## بزووتنەوەی گۆڕان لە فینلاند، بلۆگی فەرمی دەکاتەوە

دوا بەدوای بڕیاری ڕۆژی ٣٠ی ٨ی ٢٠٠٩ ی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کردنەوەی بلۆگی فەرمی، بەهەوڵی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەکە بەڕێز عەباس شوان، ئامادەکاری بۆ کرا و وەک دەبینن لە ڕۆژی ١ی ٩ی ٢٠٠٩دا کرایەوە، و دەستبەکار بوو.
لەسەرەتادا هەموو ئەو کار و هەڵسوورانەی چەند مانگی ڕابردووی کۆمیتەی پشتیوانی فینلاندی گۆڕان و ئەوانەی دوورونزیک پەیوەندیان بەبزووتنەوەکەوە هەیە، لەخۆ گرتووە و تێدا دانراوە.
ئەم هەوڵەش دەچێتە خانەی کاری ڕاگەیاندنی لۆکاڵییەوە، بۆ ناسینی زیاتر و پیشاندانی دیدە جۆراوجۆرەکانی ناو بزووتنەوەکە. بلۆگەکە وایە، لەپاین هەر بابەتێکدا خوێنەر دەتوانی کۆمێنت – توانج – تەعلیق بنوسێت و ڕاستەوخۆ بەکلیکێک بێ سانسۆر دەچێتە سەر هێڵ و بڵاودەبێتەوە. دەکرێت چەند کەس وەک بەڕێوەبەر دابنرێت، لە شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە، بابەتەکان دابنرێت و نوێ بکرێتەوە.
قابل بەوەیە پێشبخرێت و ببێتە تریبیۆنێک بۆ هەموو ئەوانەی دڵیان بۆ گۆڕان لێدەدات. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرم لەهەموو لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین و بەهیواین ببێتە تریبیۆنێکی ئازاد بۆ گشت...2009.9.1
ئەمەش ناونیشانەکەیەتی:
http://goran2009.wordpress.com

## کۆبوونەوەی گشتی هەڵسووڕاوان

لە درێژەی دانیشتنەکانی گۆڕانیخوازان و بۆ هەماهەنگی و لێکهەڵپێکانی تواناکان و گەشەدانی هەرچی زیاتری بزووتنەوەکە، ڕۆژی یەکشەممە 2009.8.30 کات 13 بۆ 30،15 لە شاری هێلسنکی **کۆمیتەی پشتیوانی لیستی گۆڕان** و ژمارەیەک لەگەنجان کە لەژێر ناونیشان **کۆمەڵەی گەنجان** سەربەخۆیانە ڕێکخراوەیەکیان پێکهێناوە، بۆ دووهەم جار کۆبوونەوە.

لەوێدا قسەوباسێکی زۆر کرا، دەست خرایە سەر خاڵە ناڕۆشنەکان و هەنگاونان بۆ دەربازبوون لێی، گرنگترین خاڵ ئەمانە بوو:
پلەو پایە نەبێتە هۆی لێکترازانی گۆڕانخوازان و فەرامۆشکردنی یەکگرتوویی و بەهێزی بزووتنەوەکە...
کاڵکردنەوەی هزری ناوچەگەرێتی و عەشیرەتی و بنەماڵەیی...
هەوڵدان بۆ گردکردنەوەی زیاتری گەنجان و خەڵک بەگشتی...

هەروەها لەبەرانبەر چەند پێشنیارێک بۆ کاری و ڕێکخستن گفتوگۆ کرا، بەم ئەنجامەی خوارەوە گەیشتن:
پێشنیاری فیدراسیۆن نەگونجاو بوو، لەبری ئەوە هەڵسووڕاوان دەبێت پەیوەندی توندوتۆڵ دروست بکەن، و لەنێو خۆیاندا بۆ هەر کارێک، ڕاوێژ بەیەکتر بکەن.
کاتێک دیاریکرا، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا زیاتر لەیەکتر تێبگەن. دواتر بەپێی هەلومەرج بڕیار لەسەر کۆبوونەوەی گشت و هەڵبژاردن دەدرێت.
کردنەوەی بلۆگێکی ئینتەرنێتی بەناوی **گۆڕانی فینلاند**ەوە.

کۆبوونەوەکە لەکەشوهەوایەکی مۆدێرنانە و دۆستانە وادا بەڕێوە چوو، کە بووە مایەی خۆشحاڵی هەمووان.
شایەنی باسە بەڕێز کاک **شێرکۆ زەنگەنە** وەک مافناسێک ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، دەورونەخشی باشی گێڕا بۆ لێکنزیکردنەوەی دیدە جۆراوجۆرەکان.
ئێوارەی ئەو ڕۆژە، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەبۆنەی کوچی دوایی ڕابەرەکەیانەوە **سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیم** پرسەیان دانابوو.
ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە پێکەوە سەردانی مزگەوتیان کرد و بەناوی لیستی گۆڕانەوە پرسە و سەرەخۆشیان پێڕاگەیاندن. 09.8.30